# ئایا نەخشە و پلانێکی زانستی سنوردار هەیە؟



نووسینی: هشام غصیب

وەرگێڕانی: جیهاد موحەمەد

سەرچاوە: وتووێژی مۆدێرن ـ حوار متمدن

بە دڵنیاییەوە زانست هەیە. بەڵام ئایا ڕێبازێکی زانستییانەی سنوردار بە هەنگاوگەلێکی بەدواچووی سنورداری پێشوەخت بوونی هەیە؟ ئایا ڕێچکەکەی نیوتن لە لێکۆڵینەوە و پشکنیندا هەمان ڕێچکەی ئەنشتاین بوو؟ وە ئایا ڕێچکەکەی ئەنشتاین هەمان ڕێچکەی بور و هایزنبرغ و فاینمان و هوکنغ بوو؟ ئایا پراکتیزەی زانستیی تەنیا پسپۆڕیی و شارەزاییەکی سنوردارە وەک پسپۆڕی و شارەزایی ئاسنگەرێک و دارتاشێک و فرۆکەوانێک و کەشتیوانێک و ڕاوچییەک وایە، بە جۆرێک کە جیاوازی نییە لە نێوان زانایەک و ئەویتردا لە ڕووی تەکنیکی ئەو پسپۆڕیی و شارەزاییە سنوردارەوە نەبێت؟

بەڵام، ئایا شیاوە پێش ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پراکتیزەیی زانست؟ لە فەلسەفەوە حوکم بدەین و ڕێبازێکی زانستیانە لە چەمکی حەقیقەت و چەمکی لۆژیکەوە وەربگرین وەک چۆن کاتی خۆی فەیلەسوفی ئینگلیزی، فرانس بیکون کردی، لە سەرەتای سەردەمی نوێدا. باشترنییە کە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پراکتیزەیی زانستیی خۆی و وە بە قوڵی لێکۆڵینەوەبکەین لە ڕێچکەی زاناکاندا و بەراوردبکەین لە نێوانیاندا؟ ئەگەر ئەمەمانکرد، چیمان بۆ ڕووندەبێتەوە لەم بوارەدا؟

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە زۆرێک لە میتۆد و ڕێچکە و ڕێبازمان بۆ دەردەخەن، کە بە بەردەوامی لە پێگەیشتن و گەورەبووندایە، وە ئەمە زەحمەتە(ڕەنگە مەحاڵیشبێت) کورتکردنەوەی لە ڕێبازێکی سنورداردا بە هەنگاوگەلێکی سنورداری پێشوەخت. لەبەرئەوە بوێری ئەوە دەکەم کە بڵێم ڕێبازێکی زانستی بوونی نییە بە هەنگاوگەلێکی سنورداری پێشوەخت، بەڵکو خێزانێکی دوایینەهاتوو لە ڕێباز و ڕێچکە و میتۆدی جۆراوجۆرمان هەیە.

ئایا ئەمە بەومانایە دێت کە ئێمە لەبەردەم بێسەروبەرییەکی بیرییداین و وە پراکتییزە زانستییەکانیش ناسنوردارن، وە هیچ سنورێکی ئاشکرا نییە لە نێوان ڕوخساری پارکتییزە زانستییەکان و پراکتییزەکانیی تردا( جادوگەریی و ئەستێرەناسی و فەلەکیدا بۆ نموونە)؟ وەڵامەکەشم ئەوەیە کە ڕێبازێکی زانستیانە نییە، بەڵام عەقڵانییەتێکی زانستیانەی سنوردار هەیە. ڕێبازە زانستیە بێسنورەکان چەندین جۆرن، بەڵام عەقڵانییەتێکی سنوردار حوکمی دەکات کە جیاوازی دەکات لە نێوان پرارکتیزە زانستیەکان و پراکتیزەکانی تردا. جەوهەری زانستی بۆ پراکتیزەی زانستی سنوردار دەبێت بە عەقڵانییەتێکی زانستیانەی ئالۆز، نەک بە ڕێبازێکی زانستیانەی سنوردار.

بەڵام مەبەستمان لە عەقڵانییەتی زانستیی چیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پرسیاری هاوبەشیە گیشتیەکان دەکەین لە پراکتییزەی زانستیدا، واتە سنورداریەکانی پراکتیزەی زانستیی و وە بنەماکانی و پایەکانیی.

وادەزانم کە چوار جۆر لە بنەما و سنورداریێتیی هەیە: بنەما ئیبستمۆلۆگییەکان، بنەما ئەنتۆلۆگییەکان، بنەما ئاکارییەکان، بنەما سۆسیۆلۆگییەکان. زانست پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیرییەو ڕۆشنبیرییەکی فرە ڕەهەند دەسەپێنێت.

چەمکی عەقڵی زانستیی گرێدەدرێت بە بەشی یەکەمەوە لە بنەماکان، بەشی ئیبستمۆلۆگیی، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

لە پێشەکیی بنەماکانی ئیبستمۆلۆگییدا کە زانست چەقدەبەستێت لەسەری:

آ/ زانست هیچ شتێکی بێ چەندوچوونی پێ قبقڵ نییە. زانست هەموو شت دەخاتە ژێر تاقیکردنەوە و لێتوێژینەوەوە، ئەنجامەکانیش بە ڕەهایی قبوڵناکات، بۆیە هەر ڕاستیەک کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموون و لێتوێژینەوەی زانستیەوە هاتبێت، شیاوای ئەوەیە کە گۆڕانکاریی بەسەرداببێت و لە تاقیکردنەوە و لیتوێژینەوەی تردا ئەنجامە ڕاستییە زاسنتییەکان بگۆڕدرێن بە ئەنجامگەلێکی تر. واتە زانست ڕاسستییەکی ڕەهاو بێچەندوچوون نییە.

ب/ زاسنت دانانێت بە هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکیدا، وەک دەسەڵاتی سیاسی و دینی و دەقیی و دەسەڵاتی بێ ئەملاولا بێ چەندوچوون. سەرچاوەی ڕاستی لای زانست عەقڵی زانستی و یەکەیەکی زانستیە. ئەمە تەنیا سەرچاوەیە کە حوکم بکات بەسەر زانستدا.

ج/ زانست تەماشای دیاردەکان ناکات و بەڕووکەشی دیاردەکان وەرناگرێت. بەڵکو دەچێتە ناو هەناوی دیاردەکانەوە، دەچێتە ناو یاساکانی ناوەوەی هەردیاردەیەک کە بیەوێت لێیبکۆڵێتەوە و لێوەی بگاتە ڕاستیەک. بۆیە زاسنت بڕوای بە داهێنانی عەقڵی زانستی هەیە. هیچ ڕاستیەک لە لای زانست هەتاهەتایی نییە.

ئەم بنەماگەلە ئاماژەیە بۆ بوونی عەقڵێکی زانستی و تەوەریی لە پراکتیزە زانستیەکاندا. واتە بوونی عەقڵانیەتێکی زانستیانە کە پراکتیزە زاسنتیەکان دیاری دەکات، کەواتە بۆ پراکتیزە زانستیەکان ڕێبازێکی زانستی دیاریکراو نییە، بەڵکو عەقڵانیەتیکی زانستیانە هەیە.

لەبەرئەوە ناوەڕۆکی عەقڵی زانستی شاراوەیە لە پەیوەندیەکی دایالێکتیکیانە لە نێوان شکڵێک لە تێڕوانینێکی بیرکارییانە و ئەندازەییەکی وردەکاریانە. هەڵبەت مەبەستمان لە پەیوەندیە دایالێکتیکیەکان پەیوەندیە زەروریە گۆڕدراوەکان و ناکۆکەکانە. پەیوەندیە دایلێکتیکیەکان لەم نێوەندەدا بەومانایە دێت کە فەوتانی هەرچ لایەک لەم لایەنانە فەوتانی لاکەی تریشی بەدوادادێت، ئەم دوو لایەنە بە گۆڕانی یەکتری دەگۆڕدرێن، واتە گۆڕان بەسەر هەرچ لایەکدابێت گۆڕان بەسەر لاکەی تریشدا دێت، کەواتە هەمیشە ناکۆکیەکی بەردەوام لە نێوانیاندا هەیە. ئەمەش ئەو مانایە دەدات بەدەستەوە کە: تێڕوانینە زانستیەکان خۆی ووندەکات بەبێ ئەندازەییە وردەکارییەکان، پێچەوانەکەشی ڕاستە. تاقیکارییەکان ڕاست نییە ئەگەر هەڵقوڵاوی تیۆریەک نەبێت و نەکەوتبێتە ناوییەوە. هەروەها تێڕوانینەکانیش زانستی نیین ئەگەر شیاوی تاقیکردنەوە نەبێت. بەم جۆرە، تیۆرەی زانستی لە تاقیکردنەوەیەکی زانستیدا بەرجەستەدەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە. هەمیشەش ناکۆکی هەیە لە نێوان تیۆرە و تاقیکاریدا.

ئەم پەیوەندیە ئۆرگانییە پەیوەندیەکی بەیەکداچوو و ئالۆز و فرە ڕەهەندە. تۆڕێکی گرێدراوە لە پراکتیزە و پرۆسەگەل و ئامرازگەلێکی هزری. هەڵەیە ئەگەر ئەم پراکتیزە و پرۆسەگەلە لەیکتری جیابکەینەوە و هەریەکەیان بە تەنیا وەربگرین. ئەمە کۆمەڵەیەکن کە هەرهەموویان یەکەیەکی یەکگرتوو پێکدەهێنن، وە هەریەکەشیان ئەویتری کردوە بە بنکە و پێگەی خۆی. هەر هەمووشیان پێکەوە بەرهەمێکی مەعریفی پێکدەهێنن. هەموویان دەکەونە تۆڕێک لە تێڕوانیگەلێکی زانستیەوە بە تاقیکردنەوەیەکی زانستی و وەلە پراکتیزەگەلێکی زانستیانە لە بابەتدا، واتە لە سروشدا.

ڕەهەندەکانی پەیوەندیە دایالێکتیکیەکان لە نێوان تێڕوانین و تاقیکردنەوە لە پرۆسەگەلێک و ئامرازگەلێکی هزریدا:

1/ هەڵسەنگاندن: دەستێوردان لە دەروازەی گۆڕینی تاقیکردنەوەکان بۆ تێڕوانینەکان، واتە گۆڕینی تایبەتێکی سنوردار بۆ گشتێکی بێ سنور. زاناکان لە ژمارەیەکی سنوردار لە ئەندازە وردەکانەوە دەگەنە هەڵسەنگاندنی پەیوەندیەکان و یاسا گشتیەکان. بەڵام ئەوە هەڵەیە وابزانین کە ئەمە پرۆسەیەکی میکانیکی ئاساییە، نا! ئەمە پرۆسەیەکی داهێنەرانەی دروستکەرە کە کارامەییەکی بیرکاریانەی جیاواز و دیاری لە خۆگرتوە لەگەڵ ژیرییەکی فیزیایی بەهێز و بیرکردنەوەیەکی زانستیانەی بە بڕشت. باشترین نمونە لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئەو چۆنیەتیەیە

که زانای ئەڵمانی پێیگەیشت، یوهانس کبلر(1571 ـ 1630)، بۆ یاساکانی جوڵەی ئەستێرەکان بەدەوری ڕۆژدا. سەرەڕای ئەوەی کە کارامەییەکی بیرکارییانەی سەردەمەکەی خۆی بەکارهێنا، بیرە لاهوتیەکانی ڕۆژئاواو فیثاغۆری(مەبەست لە فەیلەسوفی بیرکارزانی ئغریقی، فیثاغۆرسە) و جوانکاریی و هەستی قوڵی ماددیی فیزیایی بەکارهێنا لە پێناوی هەڵسەنگاندنی یاساکاندا، کە یەکەم جار بوو ئەمە بکرێت لە مێژووی بەشەریەتدا.

2/ ئەنجامگیری: پرۆسەی دەستێوردان لە گۆڕینی تیۆرە(بیردۆز) بۆ تاقیکردنەوە وردەکان، واتە گۆڕینی گشتێکی بێ سنور بۆ تایبەتێکی سنوردار. زاناکان ئامرازە لۆژیکیەکان بەکاردەهێن لە پێناوی بەرجەستەکردنی گشت لە تایبەتدا. (تیۆرە ـ بیردۆز ـ گشتێکی بێ سنورە، تاقیکردنەوە وردەکارییەکان تایبەتێکی سنوردارە.... وەرگێر). نمونەی گەورەش لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئەنجامگیرییەکانی نیوتن بۆ یاساکانی غالیلیو لە جوڵەی تەنۆکەکان لەسەر زەوی و یاساکانی کبلر لە جوڵەی ئەستێرەکان بەدەوری خۆردا لە یاسا گەردونیەکانی نیوتن لە جوڵەی هێزی ڕاکێشان. نمونەیەکی تری گەورە، ئەنجامگیرییەکانی فیزیایی سکتلندی بوو، جیمس کلار ماکسویل، لە چواریەکی سێیەمی سەدەی نۆزدەدا، کە شەپۆلێکی کەهرۆموگناتیسی(تیشک) هەیە لە یاساکانی کەهرەبا و موگناتیسدا.

3/ تاقیکردنەوە: زانست هەمیشە بیر و گوتەکانی بە بەردەوامی تاقیدەکاتەوە بە جێبەجێکردنیان لەسەر حاڵەتی ئاشکراو بەراوردکردنی ئەنجامە تیۆرییەکان بە تیۆریە تاقیکردنەوەکانی. بە دەربڕینێکی تر، گشت بەرجەستەدەکات لە تایبەتدا بۆ ئەنجامگیریی، دواجاریش ئەم حاڵەت تایبەتە لە سروشتدا لە مەحەک دەدات، واتە لە تاقیگادا. بەراورد دەکات لە نێوان گشتی بەرجەستەکراودا لەگەڵ واقیعە تاقیکراوەکەدا. نمونەش لەسەر ئەمە، تاقیکردنەوەکانی تیۆرەی ڕێژەیی گشتی بوو، کە ئانشتاین دایهێنا لە ساڵی **1915**دا، لە **1919**دا جێبەجێکرا. واتە ئانشتاین تیۆرەکەی خۆی جێبەجێکرد لەسەر شەوقی تیشکەکان کە بەدەوری ڕۆژئاوادا بڵاودەبوونەوە، گەیشت بەوەی کە ئەم تیشکانە بە گۆشەیەکی بچوک و ئاشکرا دەچەمێنەوە. وە لە ساڵی **1919**دا توانی ئەم گۆشەیە بپێوێت، بۆی دەرکەوت کە پێوانەکە بە تەواوەتی وەک ئەنجامگیرییە تیۆرییەکە وایە، واتە هاوجووتە.

4/ تاقیکردنەوە بیرییەکان: ئەمە تاقیکردنەوەیەکی رۆحی هزرییە کە بەکارهێنانی و جێبەجێکردنی زۆر زەحمەتە، تەنانەت تا ئاستی مەحاڵبوونیش، تاقیکردنەوەی بیریی ڕووتە لە هەموو ناوەڕۆکێکی ڕاستی کە بتوانرێت لەو ناوەڕۆکەوە جێبەجێکریت و ئەزموونبکرێت لە واقیعدا، واتا بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە. ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەیە خۆی بۆخۆی لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت کە خۆی ڕۆشنبکات و شێواز و ناکۆکیەکانی خۆی پیشان بدات، بەڵام ئەم هەوڵانە هەموویان تەنیا بە بیرکردنەوەیەکی ڕووت و هیچی تر. دەڵێن ئانشتاین لە تەمەنی شانزە ساڵیدا وابیریکردوەتەوە کە دەتوانێت، یان ئەشێت بتوانێت دوای یەکێک لە تیشکەکانی خۆر بکەوێت و بەو خێراییە بڕوات لەگەڵیدا. خۆشی پرسیاری لە خۆی کردوە ئەگەر ئەمە ببێت چی ڕوودەدات؟ وا گومان دەکرێت کە ئەم تاقیکردنەوە بیرییە، یان ئەم بیرکردنەوەیە خاڵی دەستپێکردنی ڕێڕەوە بیرییەکەی بوو کە گەیاندیە تیۆرەی ڕێژەیی تایبەت.

5/ پێکهاتەی دیالێکتیکی: ئامڕازێکی بنچینەییە لە دروستکردنی تیۆرەی زانستیدا. نوێنەرایەتی دەکات لە گرێدانی بیرە جیاوازەکاندا، یان بیرە ناکۆکەکاندا، پێکەوە لە دروستکردنی بیرێکی نوێ کە دەبێتە چارەسەر بۆ ناکۆکیەکان و تێپەڕاندنیان و فراوانکردنی ڕووبەری لێکدانەوەکان و پێشبینیە زانستیەکان. نمونەی گەورە لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئەو چۆنیەتییە بوو کە نیوتن یاساکانی غالیلیو لە جوڵەی زەویدا ئاوێتەکرد لەگەڵ یاساکانی کبلر لە جوڵە ئاسمانیەکاندا لە تیۆرەی گەردونی گشتگیردا لە جوڵە و ڕاکێشاندا.

6/ ڕەخنە: شیکارکردنی بیرەکان و لێکترازانیان و دووبارە دروستکردنەوەیان بە ڕێگاگەلێکی جۆراوجۆر و بەراوردکردنیان لەگەڵ بیرەکانی تردا و لەگەڵ واقیعدا لە پێناوی دۆزینەوەی بونیادە ناوکیەکەیی و سنورەکانی و ناکۆکیەکانی و کێشەکانی و کەلێنەکانی و بناغەکانی و ڕەگەکانی و ئاسۆکانی، وە درێژبوونەوە بۆ ڕوخاندنیان و گەشەکردنیان و تێپەڕاندنیان. نمونەی گەورە لەسەر ئەمە ئەو ڕەخنە تیژە بڕەرە بوو کە غالیلیو ئاراستەی فیزیای ئارستۆی کرد، کە ئەم فیزیایەی تێکشکاند بە تەواوی کە گەڕانەوەی بۆ نییە و لە جێگەی ئەم فیزیا ڕوخاوە بنکەیەکی فیزیایی نوێی دامەزراند لەسەر داروپەردوی ئەو.

7/ گریمانە: واتە دروستکردنی ڕاڤەکردنێکی شیاو بۆ دەرکەوتە نوێیەکان لەنێوەندی چوارچێوە تیۆریە باوەکەدا.

8/ سەرنجی زیرەکانە: خوێندنەوەی ڕاستیە گەورەکان، یان دەرهێنانی راستیە گەورەکان لە جیاوازیە بچوکەکانەوە. نمونە، خوێندنەوەکەی زانای ئغریقی، ارنستثنیس، لە سەدەی سێیەمی پێش زاین، ڕاستەقینەی خڕی زەوی لە جیاوازیە بچوکەکان لە گۆشەی سێبەری کاژێڕی خۆری(لە سنگێکی ئەستونیدا) کاتی هەڵگەڕانەوەی هاوینیی و کاتی نیوەڕۆ لە نێوان ئەسکەندەریە و ئاسواندا. ئەمە وایلێکرد کە خوێندنەوەیەکی وردبکات بۆ چێوەی زەوی بە وردیەکی گەورەوە.

ئەم ئامرازە هزریانە و پراکتیزە زانستیانە ڕەهەندەکانی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان تیۆرەی زانستی و تاقیکاریی زانستی و بابەتی پراکتیزەکردنی زانستی(سروشتی)ە. هەمووی پێکەوە بونیادی عەقڵی زانستی پێکدەهێنن، بنچینەی ئەو شەپۆلە دواینەهاتووە لە ڕێبازگەڵیکی زانستیانە.

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=262613